# وەزیرێکی بێ چاوڕوو. !

نورەدین وەیسی

بلێی هیچ بەرپرس ووەزیرێک هەبی لە کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی حکومەتەکەی پارتی بی چاووڕووتر بی؟ئاخر لەوەتەی ئەم کابرایە قونی لەسەر کورسی وەزارەت داناوە. دەیان تەقینەوە لەهەولێر روویانداوە کەسەدان کەس تیایاندا بوونە قوربانی. دەسگای ئاسایشەکەی بووەتە مۆڵگەی تیرۆریستان وموڵازم دلیرَیش بەڵگەیە. چەندین نوسەرورۆژنامەڤان دەستگیرکراون وسووکایەتیان پێکراوە. مۆزەخانەی هەولێر دزرا. بەگشتی رۆژ نییە لەسەر دەستی کارمەندانی ئەم وەزارەتە سووکایەتی بەخەڵکی نەکرێت. کەچی سنجاری لەجیاتی ئەوەی وەک کەسێکی بەرپرسیار دان بەشکستی خۆیدا بنی ودەست لەکاربکێشێتەوە. بی شەرمانە نەک هەر لەسەر کورسی وەزارەت دانیشتووە بەڵکو ئەوەی ناوی یاساو مافەکانی مرۆڤیشە (کەبەداخەوە لەکوردستاندا بوونیان نییە) دەخاتە ژێر پێڵاوەکانیەوە. دوا کاری پر لەشەرمەزاریشی دەستگیر کردنی ئاکۆ محەممەد سەرنووسەری هەفتەنامەی میدیا وکاک موسا ئەحمەدی بەرپرسی پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکانە.

کەریم دەیەوی هەموو میدیاکانی کوردستان وەک راگەیاندنی حیزبەکەی کە کت ومت لە راگەیاندن بەعس دەچێت دەهۆڵ وزورنا بۆ وەزارەتە شکست خواردووەکەی بکوتن وسڵاوات لە دیداری جەنابی وەزیرلی بدەن. لەکاتێکدا خەڵک وەک لەو راپرسییەی لەهەفتەنامەی میدیادا بڵاوکرایەوە بەئاشکرا راوسەرنجی خۆی لەسەر وەزارەتەکی سنجاری دا و بەخراپترین وەزارەتیان لەقەڵەمدا. ئیدی گوناهی میدیا وسەرنووسەرەکەی چییە؟

کەریم سنجاری چونکە خودان رابردوویەکی رەشە بۆیە زەندەقی لەئازادی رۆژنامەگەریی چووە و بێهوودە دەیەوی راستی لەخەڵک بشارێتەوە بیخەبەر لەوەی شۆرشی راگەیاندن وتەکنەلۆژیا ئەمرۆ لەئاستێکی هێندە پێشکەوتوودایە بەکەریم وپیاوە تۆقێنەرەکانی پێشی پی ناگیرێت.

پارتی وسەرکردایەتییەکەی چۆن چۆنی دەتوانن بانگەشەی داکۆکیکردن لەمافەکانی کوردومافە مەدەنییەکانی خەڵکی کوردستان بکەن لەدەستووری عیراقیدا لەکاتێکدا لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەنجامی راپرسییەک رۆژنامەڤانان راپێچی زیندان دەکەن ونایەڵن خەڵک ئازادانە رای خۆی دەربری.

ئەمە جاری یەکەم نییە دەسەڵاتدارانی هەولێر تەنگ بە ئاکۆمحەممەد کەیەکێکە لەچالاکترین رۆژنامەڤانەکانی کوردستان هەڵبچنن. ئەوەبوو لە 2005/4/28 یشدا لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێک سەبارەت بە کێشەی سەرۆکی کوردستان لەهەفتانەمەی میدیا دا. ئازاد بەرواری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرۆ قادری بەرپرسی راگەیاندنیان هەرەشەو گورەشەیەکی زۆریان لەو رۆژنامەوانە هێژایە کرد. هۆکاری هەموو ئەوشاڵاوەش ئەوەیە کە ( میدیا ) ئەمرۆ زۆر بەگەرمی لەلایەن خەڵکییەوە پێشوازی لی دەکرێت ورۆژنامەوبڵاوکراوەکانی پارتیش تۆزیان لەسەر نیشتووەوکەس ئاورێکیان لی ناداتەوە. .

بەو پێیەی کەریم سنجاری رەگەزنامەی سویدیشی هەیە بۆیە داوا لە هەموو کوردانی سوید نشین بەتایبەتیش رۆشنبیران دەکەم کە حکومەتی سوید لە پێشێلکارییەکانی ئەم پیاوە دوژمن بەئازادییە ئاگاداربکەنەوە بەڵکو لەوی کەیاسای تێیدا سەروەرە بدرێتە دادگا وببێتە پەندێکیش بۆ بەرپرسەکانی کوردستان.